کورد بە یەک لیست بچێتە بەغدا براوە دەبێت

یەکێتیی پەرلەمانتاران: دروستکردنی کیانی بچووکی کوردی لە بەغدا هەیبەت بۆ کورد ناهێڵێتەوە

سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر کورد ئەمجارە بە یەکگرتوویی بچێتە هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، ئەوە هەرێمی کوردستان بەرانبەر بەغدا بەهێز دەبێت، دەشڵێت، ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لایەنەکانە کە یەکگرتوو بن لە بەغدا.

دوای برینی مووچە و بودجەی هاووڵاتییانی کوردستان و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش لە عێراق بەغدا خۆی بە سەرکەتوویی دەبینێت و چاودێرانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، بەغدا بەهێز نییە، ئەوە هەرێمی کوردستانە پەرتەوازە بووە و هەرکاتێک کورد یەکگرتوو بێت بەرامبەر بەغدا، عێراق ئەو دەوڵەتە نییە بەرانبەر کورد بوەستێتەوە.

لەمبارەیەوە نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: باشترین رێگە بۆ بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لەسەر ئاستی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و جەماوەری کوردستان، زۆر گرنگە لایەنە سیاسییەکان هەموو بە یەکەوە و بە یەک لیست بچنە هەڵبژاردنەکانەوە، چونکە هەموو بەرژەوەندییەکانی میللەتی ئێمە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییەوە بەهێز دەبێت، کە ئێمە لیستێکی گەورە و هاوپەیمانیمان هەبێت و بە یەک دەنگ بەشداری بکەین، ئەوکاتە حیسابێکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان دەکرێت، بوونی یەکگرتوویی لە بەرامبەر بەغدا، واتە هەرێمێکی بەهێزی کوردستان.

لە یەکەم هەڵبژاردنی عێراقدا، دوای پرۆسەی ئازادکردنەکەی ساڵی 2003 کورد بە فراکسیۆنێکی بەهێز لە نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کاریان دەکرد و بەوهۆیەوە چەندین دەستکەوتی گەورەی بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو عێراق و کوردستانیش بەدەستهێناون. نیعمەت عەبدوڵڵا گوتیشی: بەپێچەوانەوە هەرلایەنێک بۆ خۆی بچێتە بەغدا و بەشدار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوە لاوازیی ئێمە پێشان دەدات و کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر داواکاریی کورد لە عێراقدا، یەکریزیی کورد لە بەغدا دەتوانێت دوارۆژی عێراق بگۆڕێت و ئامانجەکان بەدی دێن، دروستکردنی کیانی بچووکی کوردی لە بەغدا هەیبەت بۆ کورد ناهێڵێتەوە، هەتا من بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی دەزانم لەم قۆناغەدا یەکگرتوویی هەبێت لە نێوان هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکاندا.

دادگەی فیدراڵی بڕیارێک سەبارەت بە کورسیی پەرلەمانی بۆ ئێزدییەکان دەردەکات

السلطة القضائية الاتحادية

دادگای ئیتیحادی عێراق بڕیاریدا، پێویستە ژمارەی ئەو کورسییانەی لە پەرلەمانی عێراق بۆ پێکهاتەی ئێزیدی تەرخان دەکرێن، لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەو پێکهاتەیە بگونجێت. بەگوێرەی هەواڵێکی کوردستان 24 ئەیاس سامۆک، وتەبێژی فەرمی دادگای ئیتیحادی رایگەیاندووە، دادگای باڵای فیدراڵ بڕیاری ژمارەی 11/2010ی دەرکردووە، کە تایبەتە بە ژمارەی کورسییەکانی پێکهاتەی ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق. وەک سامۆک ئاماژەی پێکردووە، بەگوێرەی ئەو بڕیارە و بە لەبەرچاوگرتنی ماددەی49 لە دەستووری عێراق، پێکهاتەی ئێزدی مافی وەرگرتنی ژمارەیەک کورسی لە پەرلەمانی عێراق هەیە، بەو مەرجەی لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەو پێکهاتەیە بگونجێت، کە بەگوێرەی یاسا و بەلەبەرچاوگرتنی ئاماری دەنگدەران، هەر 100 هەزار کەس مافی وەرگرتنی کورسییەکیان لە پەرلەمان هەیە.

لەوانەیە ئەمەش ستراتیژیەتێکی نوێ بێت بۆ زیادکردنی درزەکانی ناوماڵی کورد و مەبەست لێ پێدانی هەزری جیاکاری بێت بە پێکهاتەی ئێزیدی، کە هەمیشە ئێزدی بە بەشێکی رەسەنی نەتەوەی کورد و قەوارەیەکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان ناسراوە و هەرچەندە لە هەموو خولەکانی پەرلەماندا ژمارەیەک نوێنەری ئێزیدی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەبووە، بەڵام تا ئێستا بەلیستی جیاواز نەچوونەتە پەرلەمان و هەمیشە لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان هەڵیانکردووە.

ئەمەریکا 150ملیۆن دۆلار بۆ سەقامگیریی عێراق خەرج دەکات

خەبات-مەریوان نەقشبەندی: دوگلاس سیلێمان باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق رایگەیاند حکوومەتی وڵاتەکەی بڕی 75 ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ سەقامگیریی و خزمەتگوزاریی مرۆیی لە عێراق خەرج دەکات، هاوکات گوتیشی: هەتا کۆتایی ئەمساڵ 2018 حکوومەتی ئەمەریکا لە رێگای بەرنامەکانی بوژاندنەوەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و بەرنامەی حکوومەتی ئەمەریکا بۆ گەشەپێدانی مرۆیی 150 ملیۆن دۆلار لە عێراقدا خەرج دەکات و گوتیشی حکوومەتی ئەمەریکا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتە ناوخۆییەکان کاردەکات بۆ سەرلەنوێ بوژاندەوەی ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەستی داعشدا بوون و ئازاد کراون، دوگلاس سلێمان لە بەیاننامەیەکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق کە وێنەیەکی دەست رۆژنامەی خەبات کەوتووە تەئکید دەکاتەوە کە بە خەرجکردنی ئەم 150 ملیۆن دۆلارە، کۆی گشتی ئەو پارەیەی کە حکوومەتی ئەمریکا لە ساڵی 2015وە بۆ بوژاندنەوەی عێراق و سەقامگیریی خەرجی دەکات دەگاتە زیاتر لە 265 ملیۆن دۆلار. باڵیۆزە ئەمەریکییەکە هەروەها گوتیشی هەموو دانیشتووانی عێراق و ناوچەکانی بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەب سوود لەم هاوکارییانەی ئەمەریکا وەردەگرن.

کورسییەکەی ئەردۆگان چی بەسەردێت؟

حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدەن

خەبات: زانکۆ جاف

لە ئەنقەرەوە گفتوگۆ سیاسییەکان و پێشبینییە سیاسییەکان گەرموگوڕی زۆری پێوە دیارە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا تورکیا بخەنە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە، بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆگان دەیەوێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت. لە لایەکی دیکە عەبدولقادر سەلفی رۆژنامەنووسی نزیک لە رەجەب تەیب ئەردۆگان، لە وتاری رۆژی دووشەممەیدا ئاشکرای دەکات دەنگۆیەک هەیە کودەتا بکرێ و عەبدوڵڵا گویل بکەنە سەرکۆماری تورکیا و عەلی باباجانیش بۆ وەزیری ئابووری و ئەردۆگانیش لە لایەن دادگاوە بپارێزرێت و لە هەموو پۆستێک دووری بخەنەوە.

دەزگا راپرسییەکان: لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییدا ئاکپارتی و مەهەپە ناتوانن 1+50 بەدەست بهێنن

لاچوونی ئەردۆگان

لە ئەنقەرەوە گفتوگۆ سیاسییەکان و پێشبینییە سیاسییەکان گەرموگوڕی زۆری پێوە دیارە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا تورکیا بخەنە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە، بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆگان دەیەوێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت. لە ریفراندۆم بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری تورکیا، بەرەی (نەخێر) توانی 49%ی دەنگەکان بهێنێت، بەرەی (بەڵێ) توانی 51%ی دەنگەکان بهێنێت، بەڵام بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کەوتووەتە دەست رۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی، ئێستە تابلۆی سیاسی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و رێژەی دەنگەکان پێچەوانە بووەتەوە. جمهوریەتی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە تورکیا ئەنجام بدرێت بەرەی نەخێر کە پێشتر 49%ی دەنگەکانی هێناوە، ئەمجارەیان 55%ی دەنگەکان دەهێنێت و بە پێش پارتی دەسەڵات ئاکپارتی دەکەوێت. هەر بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەن تا بتوانن تورکیا بخەنە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە و بەمەش کورسی دەسەڵات لە رەجەب تەیب ئەردۆگان وەربگرنەوە.

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان چانسی بردنەوەیان زیاترە

دەزگا راپرسییەکانی تورکیا بە تایبەت ئەوانەی وەکو بێلایەن خۆیان نیشان داوە، ئاشکرایان کردووە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ئاکپارتی لەگەڵ مەهەپەدا دەچێتە ناو هاوپەیمانییەوە، بەڵام هەر ناتوانن 1+50 بەدەست بهێنن، چونکە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان چانسی بردنەوەی کورسی سەرۆکایەتییان زیاترە. بەڵام هەموو ئەو هەڵسەنگاندنە سیاسی و پێشبینییانە ئەنجامەکەی بەو مەرجە راست دەردەچێت، کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەسەر یەک کاندید رێکبکەون بۆ رکابەری ئەردۆگان. بۆ نموونە جەهەپە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە هەرگیز کاندیدی ئەوان بە تەنیا ناتوانێت لە ئەردۆگان بباتەوە، یان کاندیدی هەدەپە یان کاندیدی پارتی باش. تاکە رێگە بۆ ئەوەی بتوانن ببنە رکابەرێکی سەختی ئەردۆگان هەڵبژاردنی یەک کاندیدی هەموو پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنە. وەکو ئەوەی بە نهێنیش باسی لێوە دەکرێت، پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن رازی دەبن کەمال کلیچدار ئۆغلو سەرۆکی ئێستەی جەهەپە بکەنە کاندیدی خۆیان بۆ رکابەری ئەردۆگان، لە 3ی مانگی شوباتیش لە کۆنگرەی جەهەپەدا کاندیدکردنی کلیچدارئۆغلو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا یەکلایی دەبێتەوە.

ئەنجامدانی کودەتا

عەبدولقادر سەلفی رۆژنامەنووسی نزیک لە رەجەب تەیب ئەردۆگان، لە وتارێکدا ئاشکرای دەکات دەنگۆیەک هەیە کودەتا بکرێ و عەبدوڵڵا گویل بکەنە سەرکۆماری تورکیا و عەلی باباجانیش بۆ وەزیری ئابووری و ئەردۆگانیش لە لایەن دادگاوە بپارێزرێت و لە هەموو پۆستێک دووری بخەنەوە. سەلفی لە وتارێکیدا کە رۆژی دووشەممە لە رۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، باس لە دەنگۆیەک دەکات کە دەستی کودەتاچییەکانی لە پشتە، ئەویش دانانی عەبدوڵڵا گویلە بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی ئەردۆگان، بەڵام وەکو خۆی باسی دەکات جارێ بە باشی ئەردۆگانیان نەناسیوە. سەلفی دەنووسێ سیناریۆیەک هەیە کە بە شێوەیەکی کاتی گویل بخەنە شوێنی ئەردۆگان و عەلی باباجانیش بکەنە وەزیری ئابووری بە شێوەیەکی کاتی، ئەردۆگان و خانەوادەکەشی لە شوێنێک لە لایەن دادگاوە بپارێزرێن. واتە مەبەستیانە ئەردۆگان لەنێو ببەن، بەڵام شتێکیان بیر چووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو پیلانەیان دارشتووە، جارێ ئەردۆگان ناناسن، ئاخر ئەردۆگان سەری بۆ کودەتا شۆڕ نەکرد بۆ ئەو کەسانەی شۆڕ ناکات کە ئەو پیلانەیان دارشتووە. سەلفی لە درێژەی وتارەکەیدا باسی لەوەش کردووە کە گویل و عەلی باباجان ئاگاداری ئەو پیلانە نین، بەڵام ئەوانەی پیلانەکەیان داناوە و دەنگۆکەیان بڵاو کردووەتەوە، دەیانەوێت سەرەتا شەڕەکە لەناو ئاکپارتییەوە دەستپێبکەن و پاشان بکەونە خۆیان. بۆیە سەلفی دەڵێ تەنیا عەبدوڵڵا گویل دەتوانێت ئەو دەنگۆیانە کۆتایی پێ بهێنێت، بێگومان ئەگەر بیەوێت.

دەستکارییکردنی یاسای حزبەکان

حکوومەتی ئاکپارتی لە تورکیا بە نیازە یاسای پارتە سیاسییەکانی تورکیا بگۆڕێت، بە گۆڕینی ئەو یاسایەش دەسەڵاتی دادگا بەسەر پارتە سیاسییەکانەوە کەم دەبێتەوە. رۆژنامەی (جومهوریەت)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، ئاکپارتی پلانی دارشتووە لە ماوەیەکی نزیکدا یاسای پارتە سیاسییەکان لە تورکیا بگۆڕێت و ئیدی دەسەڵاتی تەواو بدرێتە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان. لە هەواڵەکەدا هاتووە، پێشتر لە لایەن دادگاوە یاسای پارتە سیاسییەکان چاودێری دەکرا و زۆربەی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکان هەبووە لە لایەن دادگاوە یەکلایی کراوەتەوە، بەڵام بەم پرۆژە یاسایەی ئاکپارتی دەیەوێت بیهێنێتە پەرلەمانەوە بۆ گۆڕینی یاسای پارتە سیاسییەکان، ئیدی دەسەڵاتی زۆر بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەدرێت. هەروەها دەسەڵات دەدرێتە کۆمیسیۆن کە پارتە سیاسییەکان چۆن کۆنگرە ببەستن و چۆن بتوانن ئەندام وەربگرن و هەروەها سەرۆکی پارتیش تا چەند خول بۆی هەبێت سەرۆک بێت.

یەک حزب پشتگیری دەکات

رۆژی دووشەممە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە ئەنکەرا، دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە پشتگیری تەواوی پارتەکەی بۆ رەجەب تەیب ئەردۆگان راگەیاند بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2019. باخچەلی لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا ئاشکرای کرد، کە پارتەکەیان بڕیاری داوە لە هەڵبژاردنی 2019دا لەگەڵ ئاکپارتیدا بچێتە ناو هاوپەیمانییەتەوە، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2019 هەموو ئۆرگان و دەزگایەکانیان پشتگیری لە ئەردۆگان دەکەن. باسی لەوەشکردووە کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە تورکیا، ئەوان وەکو مەهەپە هیچ کاندیدێکیان نابێت و دەچنە پاڵ ئاکپارتییەوە، بەڵام وەکو ئەوەی باخچەلی باسی لێوە کرد، ئەگەر ئەردۆگان لەبەر هەر هۆکارێک بێت خۆی کاندید نەکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی تورکیا لە هەڵبژاردنی 2019 ئەوکات وەکو مەهەپە بڕیاری تریان دەبێت.